سەرۆک کۆمار: عیراق ئاواتەخوازە هاوبەشیی ستراتیژی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دەست دابمەزرێنێت

ئەمڕۆ دووشەممە 11-12-2023 لە کۆشکی سەرکایەتی کۆماری قوبرس، سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید لەگەڵ بەڕێز نیکۆس خریستۆدۆلیدس سەرۆک کۆماری قوبرس پرۆس کۆنفرانسێکیان ئەنجام دا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرکایەتی کۆمار لەسەرەتادا سەرۆک کۆماری عیراق سوپاس و پێزانینی خۆی بە سەرۆک کۆماری قوبرس دەربڕی بە ئەو بانگهێشتنامەیەی پێشکێشی کردبوو بە سەردانی کۆماری قوبرس، ئاماژەی بەوەشدا کە دانانی بەردی بناغەی سەردەمێکی نوێی پێیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان هەردوو وڵات و دووپاتکردنەوەی خواستی عیراقی بە قوڵکردنەوەی پێیوەندی هەمەلایەنە و فراوانکردنی لەگەڵ کۆماری قوبرس دەربڕی.

سەرۆک کۆمار هێوای عیراقی بە کارکردن بە دروستکردنی هێلومەرجی گونجاو و کۆشی لەبار بە زیاتر هاندانی کەمپانیا گشتییەکان و کەرتی تایبەت لە هەموو کەرتەکانی بیناسازی و وەبەرهێناندا ڕونکردەوە، ئاماژەی بە بەردەستبوونی دەرفەت و توانای وەبەرهێنانی گەورە لە عیراقدا کرد، وەک چۆن جەختی لەسەر خواستی عیراق کردەوە بە دامەزراندنی پێیوەندی هاوبەشی ستراتیژی لەگەڵ هەموو وڵاتانی

دەست، لەوانەش کەماری قوبرس لە ڕێی دامەزراندنی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی نیشتەجێ لە هەردوو وڵات، کە بەشداردەبێت لە چەسپاندنی پێوەندییە دووقۆڵییەکان.

بەڕێز سەرۆک کەمار جەختی لە پێرەشی عیراق کردەوە بە دامەزراندنی باشترین پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی جیهان، ئەمە جگە لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی هاوکاری و هاوبەشی لە کەمەک بواری ئابوری و بازرگانی و ڕەشنبیری، کە هاوبەشییەکان فراوانتر دەکات لە ژێر ڕۆشنایی ئەو توانا گەورەیەی لەبەردەستی هەردووکیاندایە و نزیککردنەوەی هەوەست و دیدگای سیاسی سەبارەت بە پرسەکانی بەرژەوەندی هاوبەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارنامەکانی نێتەوە یەکگرتووەکان.

بەڕێز سەرۆک کەمار هەوەستی عیراقی بە ئیدانەی توندی بەردەوامیی دەستدرێژی و جینۆساید دژی گەلی فەلەستین لە غەزە دوپاتکردەوە و جەختی لە مافی گەلی فەلەستین کردەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاکەکەیان، داوای لە کەمەگەی نێودەوڵەتییش کرد کار بە ڕاگرتنی شەڕی داسپاو بکەن و هەوەی گەیاندنی پەداویستییەکان بە خەڵک لە غەزە، سەربخەن.

ئەمەی خوارەوە دەقی قسەکانی دکتەر لەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کەماری عیراقە لە پرەس کۆنفرانسەکەدا:

جەنابی سەرۆک کەماری قوبرس بەڕێز نیکۆس خریستۆدۆلیدەس

ئامادەبووانی بەڕێز…

خۆشحاڵین بەدەم ئەو بانگهێشتەوە هاتین، کە لەلایەن جەنابی سەرۆک کەمارەوە پێشکەشکراوە بە سەردانی وڵاتی دەستمان کەماری قوبرس.

دەرفەتێکی باشە بە پێشخستنی پێوەندییەکانی نێوان قوبرس و عیراق و پەرەپێدانی بەرەو ئاسکانی دەستایەتی و هاوکاری و کاری هاوبەش لە زێر بواردا، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو وڵات و گەلی دەست بکات.
ئەمە بە تەواوی ئامادەین کار بە ئەمە بکەین، ئەم ئامانجە لە کبوونەوەکەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆک کەمار تەبینیمان کرد و هەستمانپێکرد.
لە گفتوگۆکەماندا لەگەڵ جەنابی سەرۆک کەمار، هەوەی عیراقمان دوپاتکردەوە بە کارکردن لەپێناو ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بە هاندانی کەمپانیا گشتییەکان و کەرتی تایبەت بە زیاتر بەشداریکردن

لە سەرجەم کەرتەکانی بیناسازی و وەبەرهێنان لە عیراقدا، بەوپێیەی دەرفەتی وەبەرهێنان و توانای گەورە لە عیراقدا هەیە دوای ئەوەی سەرکەوتوو بووین لە شکستپێهێنانی تیرۆر و پێشکەوتن لە بەدەستهێنانی ئاسایش و سەقامگیری.

لەم ڕووەوە خواست و پاڵپشتی حکومەتی عیراق دووپاتدەکەینەوە بە دروستکردنی ڕێگەی زیاتری هاوکاری هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دەستی جەراوجەر، بەوپێیەی عیراق ئاواتەخوازە هاوبەشیی ستراتیژی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دەست بە کەماری قوبرسیشەوە دابمەزرێنێت بەشێوەیەک، کە بەرژەوەندی هاوبەش بەدەستبهێنێت.

هەروەک ئاماژەمان بە گرنگی دامەزراندنی نوێنەرایەتییەکی دیپلۆماسی نیشتجێ لە هەردوو وڵاتدا کرد، کە بەشداردەبێت لە چەسپاندنی پێوەندییە دووقۆییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەست و ڕێگەی هاوکاری و کاری هاوبەش دابین دەکات.

گرنگە پەرەشیمان لە عیراق پشتڕاست بکەینەوە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی هاوکاری و هاوبەشی لە کەمەک بواری ئابووری و بازرگانی و ڕەشنبیری، کە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی دیکە فراوانتر بکات و لە ژێر ڕەشنایی ئەو توانا گەورەیەی لەبەردەستی هەردوو وڵاتدایە، هەروەها هەوەستی سیاسی و دیدگاکان نزیکتر بکەینەوە سەبارەت بە پرسەکانی بەرژەوەندی هاوبەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارنامەکانی نێتەوە یەکگرتووەکان.

ئێمە پشتگیری لە هەر هەوڵێک دەکەین کە هاوکارییەکان فراوانتر بکات و دەستایەتی نێوان گەلان و وڵاتان پەرەپێبدات.

سەقامگیری ئەمنی و سیاسی بە تایبەتی لە دروستکردنی ژینگەی بنیاتنانەوە و پێشکەوتندا گرنگە. لەم ڕووەوە ئێمە لە عیراق باوەڕمان بە گرنگی چارەسەرکردنی دەردەسەریەکانی گەلی فەلەستین هەیە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و گەیشتن بە ئاشتی لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە کە پابەندبێت بە بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان و ڕەساکانی مافی مرۆڤەوە.

لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینمان بە ئەو بانگهێشتە بەخشندەیە نوێ دەکەینەوە، هەروەها پێزانین و ڕێزی خۆمان ئاراستەی ئەو جێنابی سەرۆک کەمارو ئەندامانی حکومەتەکەتان و بە گەلی دەستی قوبرس دەکەین بە پێشوازی گەرم و شایستەتان، ئێمە تامەزرۆیی خۆمان نوێ دەکەینەوە بە بانگهێشتکردنتان بە سەردانی عیراق.

هەروەها لە پرۆسە کۆنفرانسەکەدا، نیکۆس خریستۆدۆلیدس سەرۆکی قوبرس وتەیەکی پێشکێشکردو خۆشحالی خۆی بە سەردانەکەی بێز سەرۆک کەمار دەربڕی و ئاماژەی بۆدا، کە یەکەم سەردانی ڕەسمیی سەرۆک کەماری عیراقە بە قوبرس.

جەختیشی لەوە کردەوە، کە ئەم سەردانە لاپەڕەیەکی نوێ و گرنگ لە تەماری پێیوەندییەکانی نێوان عیراق و قوبرسدا دەکاتەوە، هەروەها ئەم سەردانە گرنگییەکی بنەڕەتی و سونبولی ئیرادەی هاوبەشی هەیە بە زیاتر پتەوکردنی پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان قوبرس و عیراق و پەرەپێدانی هاوکارییەکان لەسەرئاستی هەرەمی و نێودەوڵەتی.

سەرۆک خریستۆدۆلیدەس ئاماژەی بۆشکرد قوبرس و عیراق دوو وڵاتن، کە گرنگییەکی زۆر بە پاراستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێزگرتن لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان دەدەن، ئاماژەی بۆشکرد جەنابی سەرۆک کەماری عیراقی لە وردەکارییەکانی پرسی قوبرس ئاگادارکردووەتەوە، هەروەها ئیرادە و خواستی خۆیان پیشانداوە بە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بە زووترین کات، کە دەبێتەهۆی یەکگرتنەوە لە ڕێگەی چارەسەرێکی هاوسەنگ لێگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی ئەوروپا و بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

سەرۆکی قوبرس ڕونیکردەوە، کە لە میانی دیدارەکەدا لەگەڵ بێز سەرۆک دکتۆر لەتیف جەمال ڕشید میکانیزمەکانی پەرەپێدانی پێیوەندییە دووقۆڵییەکان و فراوانکردنی ئاسۆی هاریکاری لە بوارە ئابوورییەکان و پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی وەبەرهێنانەکان تاووتوێ کراوە. ئاماژەی بۆشکرد، وەزیری دەرەوەی قوبرس لە سەرەتای ساڵی نوێ سەردانی بەغدا دەکات و ڕەکەوتنێک بە ڕێگریکردن لە باجدانی دووڵایەنە ئیمزا دەکرێت، هەروەها پانێڵێک دەبێت بە گۆشکردنی پێیوەندییە ئابووریەکان و وەبەرهێنانەکانی زیاتر لە بوارەکانی ڕێشنبیری و کولتوری، بە تایبەت سەبارەت بە گەڕانەوەی گەنجینەی شارستانی و کولتوری دزراو.

سەرۆکی قوبرس ئاماژەی بۆشکرد، بیروڕاکان لەبارەی چالاککردنی هاوکاری لەبوارەکانی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئاوگۆکران، هەروەها بوونی زەمینەیەکی لەباری بە هاوکاری و ئاوگەی ئەزمونەکان لە بواری زانیاری تەکنیکیشدا دوپاتکردەوە.
هەروەها ستایشی بەشداریی جەنابی سەرۆک کەماری کرد لە کۆنفرانسی دەستپێشخەری قوبرس بە گەڵانی کۆشوەوا لە خەرەڵاتی ناوەڕاست و خەرەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە ساڵی 2022 و پەسەندکردنی پەژێیەک بە چالاکیی هاوبەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بەرەو هاوکاری ناوچەیی بە ڕوبەڕوبونەوەی گەڵانی

کۆشوەوا.

هەروەک سەرەکی قوبرس نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو کۆشانەی لە ناوچەکەدا رودەدەن، بەتایبەتی لەدەستدانی ئەو ژمارە زۆرەی قوربانییە بەتاوانەکان، رونیشیکردەوە، تاکە رێگەچارە بە دەرچوون لەم بازنەی توندوتیژییە، دەستپێکردنی پرۆسەیەکی ئاشتیانەیە بە دەزینەوەی چارەسەرەکی هەمەلایەنە بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان.